# ( شەڕی سارد ) لەنێوا ن، ئەمریکا و رووسیە، پشتێنەی سەوز، پرسی کورد لە رۆژهەڵاتێ ناڤین، بەشێک لە خاڵەکانی شەڕی سارد





نوسینی عومەرعینایەتی

---

لەبەشێکی دیکە سەبارەت بە  هێنابەرباس و لێکۆڵینەوە لە رووداوەکانی سەدەی رابوردو هەتا کۆتایی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا، پرسی چارەنووسی کورد کەوتە ژێر کاریگەریی سیاسەتی ئیستعماری و سیاسەتی دەوڵەت / نەتەوە کە بەشێک لە خاڵە شاراوەکانمان روون کردەوە.

 لەم بەشەدا لەدوای شەڕی جیهانی لەنێوان چەمکی دەسەڵاتداری سیاسەتی ئیستعماری رووکەشێکی دەمامکدار لەنێوان ئەمریکا وەکو دەسەڵاتی ئیمپریالیست و دەوڵەتانی رۆژئاوا وەکو بەرەیەک و دەوڵەتی سۆڤیەت لەژێر ناوی شۆڕشی کرێکاری و دەسەڵاتی سەنتراڵی بەنێوی بەرەی کومونیزم دەبێتە قوناخێکی دیکەی ململانێی سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ژێر ناوی شەڕی سارد.

ئامانجی سەرەکیی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر بازاڕی ئابووری و بەدەستهێنانی بازاڕی مەسرەفیە کە لەم بوارەدا پێویستیی بە هێزی بەرهەمهێنان هەیە و بۆ بەدەستهێنانی تواناکانی هێزی بەرهەمهێنان پێویستیی بە کانزای سرووشتیی وەکو وزە (نەوت و گاز) و هێزی کاری هەرزان هەیە، ململانێی دەسەڵاتی زاڵ لە ژێر ناوی  ئیمپریالیزم و کومونیزم بە دوو جەمسەری باکووری رۆژهەڵاتی ناڤین (واتە بلوکی شەرق) و رۆژئاوا (واتە بلوکی غەرب) دەناسرین.

بۆ ئەم مەبەستە باش وایە سەرنجێک بدەینە رابوردوو، لە کاتی دەسەڵاتداریی زلهێزانی رۆژئاوا لە قوناخی رینسانس و گورانکارییەکان لەپێناو بەرژەوەندییەکانی ئابووری و سەنعەتی گەشە دەستێنێ.ت ململانێکان بۆ بەرهەمهێنان و بەدەستهێنانی وزەی کانزایی دەگاتە رادەیەک کە تەنانەت دونیا دەکەنە گۆڕەپانی ئەم ململانێیە. وڵاتانی وەکو بریتانیا، ئاڵمانیا، فەڕانسە، دەگاتە رادەیەک کە دونیا لە نێوان خویاندا دابەش دەکەن، دەسەڵاتی ئیستعماریی بریتانیا لە ئاسیادا و دەسەڵاتی ئیستعماریی فەڕانسە لە ئافریقا و دەسەڵاتی ئاڵمانیا لە ئوروپا و وڵاتانی رۆژئاوا، هەرکام لەم وڵاتانە لەژێر ناوی هاوپەیمانیی لەگەڵ چەند وڵاتی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەبنە بەرەیەک. لەم ململانێیەی سیستمی ئابووریی سەنعەتی و لە ئاکامی ئەم ململانێیە هەرکام بە شێوازێک لە ئاست دونیادا رۆڵ و گرینگیی تایبەتیان هەبووە، ئەوەی لەم بابەتەدا بۆ ئێمەی کورد گرینگە سیاسەتی ئیستعماری بریتانیا لە رۆژهەڵاتی ناڤینە کە بوو بەهۆی ململانێی نێوان بریتانیا و روسیە و بەرەی دیکە نوینەرایەتیی دەسەڵاتی ئایینی دەوڵەتی عوسمانی لەگەڵ

روسیە و لە ئانیکات ململانێی نێوان دەسەڵاتی بیروباوەڕی مەزهەبی شیعە و سوننی لە نێوان دەسەڵاتی قاجار و عوسمانی و هەروەها ململانێی نێوان ئێران و روسیە. هەرچەند لەم نێوانەدا دەسەڵاتی ئیستعماری بریتانیا لە ناوچەکەدا بەتایبەت و لە کەنداودا بەهۆی دەسەڵاتی زاڵ بەسەر هیندی رۆژهەلاتی (هیندی شەرقی) دەیویست وا نیشان بدات کە خۆی بە پشتیوانی ئاشتیی نیشان دەدات، تەنانەت شێخانی عەرەب هەتا سالانی 1970 پێیانوابوو کە هەبوونی هێزی دەریایی بریتانیا لە بەرامبەر دزانی دەریایی و ساتوسەودای بازرگانیی بە کۆیلە و بازرگانی کەرەستەی چەک و تەقەمنی پێویستیە کە هێزی دەریایی بریتانیا لە ناوچەکەدا هەبێت.
هەروەها دەتوانین ئاماژەی پێبکەین کە وڵاتانی ئیستعماریی سەبارەت بە بەرژەوندییەکانیان بۆ دارشتنی بیرۆکەی خۆیان دەسەڵاتی زاڵ بەسەر هارتلەند و ریملەند لە ململانێ دابن.
هەر وەکو ئاماژەمان پێکرد ململانێکان لە ئافریقا، ئاسیا و ئوروپا گەیشتە رادەیەک لە هێزی نیزامی و چەکداری بۆ بە چوکداهینانی وڵاتانی ژێردەستە لە هیچ کردەوەیەکی دژەمرۆڤی سڵیان نەدەکردەوە .
دەتوانین بڵێین وڵاتانی بەرژەوەندخواز لە سالانی 1800 هەتا ساڵی 1900 لە ململانێی شێوازی دەسەڵاتی ئیستعماریی لە هەموو بۆچوونەکان و چەمکی دەسەڵاتداری وە تیۆری و فەلسەفیەکان سودیان وەردەگرت و تەنانەت هەستی رەگەزپەرستی لە وڵاتانی ئەفریقا گەیشتە رادەیەک بە شێوازی کلۆنیالیزم و بۆ بەچۆکداهێنانی ئەم وڵاتانە لە بواری تاک بەرهەمی کشتوکاڵی و ژێرخانی ئابووریان لە هێزی چەکداری و زۆر بێبەزەییانە سودیان وەرگرت. تەنانەت دەتوانین بڵێین بەبێ بەشدارییەک ئەفریقای لە ساڵی 1884 و 1885 لەسەر چارەنووسی وڵاتانی ئەفریقای لە ئالمانیا کە بەکۆنفرانسی برلین ناوی دەبەن، کۆبوونەوە و بریاریاندا لە پێناو سیستمی ئابووریی، سەنعەتی و ژێرخانی ئابووری تاک بەرهەمی کشتوکاڵی و تەنانەت هەتا رادەیەک بۆ شێواندنی تایبەتمەندیەکانی کولتوری و پارچە پارچەکردنیان و هەروەها راگواستنیان، بڕیاریان دەدا و لەژێر ناوی ناوچەی موستەعمراتی مهاجیر بە هێزی چەکداریی دەسەڵاتی خۆیان زاڵ بکەن، هەروەها سیاسەتگەلێکیان هێنائاراوە، بە پشتیوانیی هێزی دەرەکی دەسەڵاتی زاڵی کەمینە بەسەر زۆرینەدا بەتایبەت لە وڵاتانی وەکو زیمبابوێ و زامبیا کە کۆچبەرانی رەشپێست بوون و لە لایەکی دیکەوە وەکو دەسەڵاتی کۆچبەرانی سپی پێست لە وڵاتانی موزامبیک، ئانگۆلا، کینیا و ئەلجەزایر دەستیان بەتەواویی ئاواڵەبوو، تەنانەت لە ئەفریقای باشووری ئاپارتایدی حکومەتی سپی پێستەکان، دەسەڵاتی کلۆنیالیستی پێکهێنابوو و مستعمراتی سەنعەتی بۆ بەرهەمی ژێرخانی ئابووریی گوشارێکی وەهایان هێنابوو کە تەنانەت بۆیان گرینگ نەبوو چۆنیەتی باری بژیویان و تەنانەت مان و نەمانیان ئەوەی کە بۆ ئەوان گرینگ بوو بەرهەمی رۆن، خورما، قاوە، کاکائۆ و کائوچۆ بوو کە لەژێر چاودیریی کومپانیەکانی ئوروپایی دابوون.
شاعیری بەناوبانگی ئینگلیزی (رودیاردکیپلینگ 1865 ، 1936 ) لە یەکێک لە بەیتەشیعرەکانی خۆیدا دەنوسێت: بەرپرسیارەتیی مەزنی سپی پێستان هەتا ئەورادەیە کە هەڵگری پەیامی ئازادیی بن و جاڕ لێبدەن و شارستانیەتی ئوروپایی پەرەپێبدەن، برۆنە ناو میللەتانی وەکو نیوەشەیتانن یان مێشکیان وەکو منداڵە.
لە بەشی ئوروپا ململانێی تیۆری فکری لە دوای پەرەسەندنی سیستمی سەنعەتی و شەڕی چینایەتیی پراکتیک دەکرێ. لە سەردەمی رێنسانسەوە کە لەناو ئوروپا و سێ دەسەڵاتی وەکو ئاڵمان، بریتانیا و فەرانسە شۆڕشی چینایەتیی سەریهەڵدا، بۆ هەرچی زیاتری دەسەڵاتی خۆیان پەلاماری وڵاتانی ژێردەستی مستعمراتی یەکیان دا. لە ئانیکاتیشدا لەناو وڵاتی خۆیان کێشەی چینایەتیی رۆژ لەگەڵ رۆژ پەرەی دەستاند، لەژێر ناوی سیستمی فیۆدالی خاوەن ملک و

زەمینداری گەورە کە دەتوانین بڵێین کۆنترۆڵی ناوچەکانی هەرێم و سنووری تایبەتیی دەسەڵاتی خۆیان هەبوو لەژێر ناوی فیدراڵ و هەر هەرێمێك فیدراڵی خاوەن باج و گومرکی تایبەتیی خۆیان بوون و هەر هەرێمێکی فیدراڵی سەربەخۆ بوون. لە کەشوهەوایەکی وەهادا لە ئاڵمانیا کارل مارکس و بە پشتیوانیی فریدریش ئەنگلس تیۆری کاپیتالیزم (سەرمایەداریی)ی داڕشت، بۆ ئەوەیکە بتوانن لە چوارچێوی بیرۆکەی نەتەوەیی سیستمی سەرمایەداریی سەنتراڵی و بەپێی پێکهاتە و تایبەتمندیی کولتوری کە بتوانن لە چوارچیوەی سنووری تایبەت بە وڵاتی خۆیان کاری بۆ بکەن. داڕشتنی ئەم تیۆرە فکرییە بوو بە هۆکاری داڕشتنی تیۆری فکریی نژادپەرستی و نەتەوەپەرستی لەژێر ناوی نازیزم و فاشیزم. هەروەها لە بەرامبەر ئەم ئیدیۆلۆژیانەدا لەلایەن نیچەوە تیۆری پوچگەرایی هێنایەئاراوە، واتە لەبەرامبەر هەر ئیدیۆلۆژییەکدا ئیدیۆلۆژیی نوێ دەهاتەئاراوە. واتە تێز و ئانتیتێز، سەنتێز پێک دێنێت. لێرەدا بەرژەوەندیی نەتەوەیی لە چوارچێوەی سنووری تایبەت بە وڵات دەگاتە رادەیەک کە قەیرانی شەڕی یەکەمی جیهانیی لێکەوتەوە ئەویش بە بیانووی تیرۆری وەلیعەهدی ئوتریش کە دەوڵەتی ئاڵمان کردیە بیانویەک بۆ هێرش کردنەسەر فەڕانسە و بریتانیا. لەم شەڕەدا ئەوەی بۆ 2 بەرەی موتەحدین و بەرەی موتفقین گرینگ بوو دەستبەسەرداگرتنی کانزای نەوت و گاز بوو کە لە رۆژهەڵاتی ناڤین بەدەست دەهات.

بەڵام لێرەدا دەبی ئاماژە بە 2 وڵات بکەین یەکەم وڵاتی تزاری رووسیە و دوهەم وڵاتی عوسمانی کە بە دابەشکردنی بۆ چەند وڵات و دروستبونی دەولەت - نەتەوەی تورک توانیان دەسەڵاتی خۆیان داسەپێنن، بەڵام لە بەرامبەر بە وڵاتێکی وەکو رووسیە دەتوانین بڵێین تەنیا 1 بەش لە 3 بەشی دونیای لە ژێردەسەت دایە، بە مەترسییەکی گەورەیان دەزانی لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیاندا، هەربۆیەش وڵاتانی رۆژئاوا لەبەرامبەر دە دەوڵەتی رووسیەدا، یەک هەڵوێست بوون کە رووسیە دەستی بە ئاوەکانی گەرمی کەنداو و دەریای سپی نەگات. لە بەرامبەر بەدەستهێنانی کانزای وەکو نەوت و گاز، پشتێندەی هارتلەند و رمیلەندیان بەتەواویی پاراست کە کوردستانیش بەشێک بوو لەم پشتێندە.

هەر وەکو باسم کرد لە سەرەوە داڕشتنی تیۆری کاپیتالیزم بەواتای یەگرتنی ویلایەتەکانی فیدراڵی لەژێر چەتری دەسەڵاتی ناوەندیی لە ئاڵمان، بوو بە هۆی بیرۆکەی فکری نژادپەرستانە وەکو نازیزم. لە ئانیکات بەهۆی بیرۆکەی فکری کاپیتالیزم (مارکسیسم) و دانانی بنچینەی ئیدیۆلۆژیی باوەڕی ماتریالیزمی دیالکتیک لە ئاکامدا ئیدیۆلۆژیی کومونیزم سەریهەڵدا کە یەکێک لە خوێندکارانی رووسی بە ناوی ویلادمیر ئۆلیانۆف ئیلینج "لنین" کەوتە ژێر کاریگەریی ئەم ئیدیۆلۆژییە و رێبەرایەتیی ئەم فکرەی بە ئەستۆ گرت. بە پشتیوانیی بریتانیا و ئاڵمان بۆ هەرەسهێنانی دەسەڵاتی تزاری روسیە بۆ بەڕێوەبردنی ئیدیۆلۆژیی کومونیزم 2 شوعار وەکو دروشمی سەرەکی هاتە ئاراوە. لە روانگەی کاپیتالیزمدا (مارکسیزم) دروشمی ( ئۆف یونایتد ) واتە نا بۆ بیرۆکەی نەتەوەیی. لە هەمانکاتدا ماتریالیزمی دیالیکتیک بوو بە هەڵگری درووشمی نا بۆ دین ( دین ئەفیۆنی کۆمەڵگایە). ئەم دو درووشمە بوون بە سەمبولی بیرۆکەی کومونیزم کە دەتوانین بڵێین دین خۆی لە بنەڕەتدا جەوهەری زاتی مرۆڤە و نەتەوەی جەوهەری فەرهەنگی هەر مروڤیکە وەکو ناسنامە لە بیرۆکەی کومونیزم. ئەم 2 جەوهەری سەرەکییە لە مرۆڤدا پێشێل کرا. تەنیا مرۆڤیان وەکو ئامرازی بەرهەمهێنان بەکار هێنا ( ئەگەر ئێمە 2 کارگەی دروستکردنی پێچومۆرە بۆ نمونە بێنینەوە، یەکیان پێچومۆرەی پۆڵا دروست دەکات و ئەوەی دیکەیان پێچومۆرەی پلاستیک. ئاوامان دێتەبەرچاو واتە وڵاتانی رۆژئاوا کارگەی پێچومۆرەی پلاستیکیان رەوانەی رووسییە کردووە و ئەسڵی کارگەی پۆڵایان بۆخۆیان راگرت). هەڵبەت لە چوارچێوەی

کاپیتالیزم لە ئوروپا لەسەر بنەمای بەسوسیالیزەکردن، پێکهێنانی کۆمەڵگای دیموکراتی و بەشداریی کومەڵگا لە بوارەکانی ژێرخانی ئابووریی و کێبەرکێ لە بواری سەنعەتی، هەم وزەیەکیان بەخشی بە کومەڵگا و هەم لە ململانێ دابن بۆ بەرهەمهێنانی کەلوپەلی نوێ. شۆڕشی مارکسیزم بە سەرکەدایەتیی لێنین پێی نایە قۆناخێکی نوێ. لە ساڵی 1917 بەدوای رووخانی دەسەڵاتی تزاری روسیە و قەتڵوعامی تەواوی بنەماڵەی تزاری، تەنانەت رەحم بە منداڵی تازەلەدایک بووشیان نەدەکرد. لەم نێوانەدا بەشێک لە وڵاتانی باکووری رۆژهەڵاتی کەوتنە (بلوکی شەرق و سەرقاڵی گۆڕینی سیستمی دەسەڵاتی سەنتراڵی بوون بە ناوی شۆڕشی کومونیستیەوە. لەلایەکی دیکەوە هەر لەو ساڵانە شەڕی یەکەمی جیهانیی دەستی پێکرد. دەتوانین بڵێین شەڕی یەکەمی جیهانی خۆی هەوێنی شەڕی دوهەمی جیهانیی بوو لە وڵاتانی رۆژئاوادا. لە بەرەی بلوکی شەرقدا لە پاش نەمانی لێنین ژۆزێف ئیستالین رێبەرایەتیی بیرۆکەی کمونیزمی گرتبووە دەست. لە ئاکامی شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا دەتوانین بڵێین کە زیاتر لە 20 میلیۆن بوونە قوربانیی ئەم شەرە و زیاتر لە دەیان ملیۆن پەککەوتە و بریندار و ئاوارەبوونی زیاتر لە سەدان میلیۆن. لەپاش شەڕی یەکەم و دووهەم وڵاتی روسیە وەکو وڵاتێکی کومونیستیی بە وەرگرتنی ئیمتیازی باڵکان کەوتە بوارێکی دیکەوە کە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئیستالین دەسەڵاتی سەنتراڵی بوو بە دیکتاتورێک کە زیاتر لە 15 میلیۆن لەژێر ناوی بیرو باوەڕ و هەستی نەتەوەیی قەتڵوعام کران و لە زیندانەکانی سیبری لە سەرمادا رەق هەڵاتن.
لە ناو ئورووپادا وەکو باسمان کرد ئەمریکا بە هۆی شوێنی ئیستراتیژیی خۆی هەم دوور بوو لە مەیدانەکانی شەڕ و هەم توانیی لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا باوەشی ئاواڵە بکات بۆ زۆربەی کەسانی سەرمایەدار و کەسانی پسپۆڕ و مێشکی کارا، ئەوە بوو بەهۆی کە لە باری ئابوورییەوە ببێت بە وڵاتێکی بەهێز، بەتایبەت کە بو بە خاوەنی وزەی ناوکی کە پسپۆڕانی یەهودیی پرۆژەی چەکی ئەتومیان دا بە ئەمریکا وەکو ئەلبێرت ئەنشتەین و هاوڕێیانی کە ئەمە بوو بەهۆی تۆرەیی دەوڵەتی ئاڵمان سەبارەت بە قەتڵوعامی یەهودیەکان لە ئاڵمانیا کە لە کورەی ئاگردا دەیانسوتاندن. لە پاش بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە سەردەمی سەرۆکۆماریی ئەمریکا، ترومەن لە هیروشیما و ناکازاکی بە سەدان هەزار بونە قوربانیی و بوو بە هۆی مەترسیەکی گەورە لە ئاست دونیاداو بوو بەهۆی کۆتایی شەڕی دوهەمی جیهانی. لە ئانیکاتدا بوو بە شکستی دەسەڵاتی نازیزم و فاشیزم. کاتێ بەرەی موتفەفقین لە برلیندا هەریەک لایەنکی شاریان بەدەستەوە بوو، لەسەر برێک ناکۆکیی برِیاریاندا دیوارێک لەناو شاری بێرلین بکێشن و بیکەن بە دووبەشی بلوکی شەرق و بلۆکی غەرب. ئەمەش لە کاتێکدا کە بەسەدان میلیۆن ئاوارە لە سەرانسەری دونیا کە بیووە گرفتی سەرەکیی لەناو وڵاتانێکی کە راستەوخۆ لە جەرگەی شەڕدابوون. لەچەند لاوە یەکەم دابڕانی ملیۆنان بنەماڵە لەیەک بە هۆی برسییەتی و ئاسەواری شەڕ. هەروەها ژنان کە قوربانیی سەرەکیی بوون، بەهۆی دەستدرێژیی سێکسی ببون بە خاوەنی منداڵ لەگەل سەربازانی هێزی داگیرکارەوە. هەر بەم بۆنەیەوە لە 10ی دیسامبری ساڵی 1948 رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕنامەی گردونی مافی مروفیان دارشت. هەڵبەت ئەم جاڕنامەیە لە کاتێکدایە کە بەشێکی زۆر لە وڵاتانی ئوروپا و ئاسیا وەکو پسپۆڕ و سەرمایەدار لە هێمنایەتیی وڵاتی ئەمریکادا تازە سەقامگیر ببوون و ئەمریکا بە قازانجی خۆی تەواوی کرد. بەپێی دەقی ئەم جاڕنامەیە ئەمریکا هەم بوو بە خاوەنی چەکی ئەتۆمی و هەم بوو بە وڵاتێکی کاپیتالیست لەبواری سەرمایەوە.
لە ئانیکاتدا وەکو هێزی دەریایی و بە وەرگرتنی باج لە وڵاتانی بریتانیا و هەم بو پاراستنی هێڵی پشتێندەی هارتلەند و ریملەند لە رۆژهەڵاتی ناقین لە ئیراندا سەقامگیر بوو و بوو بە

پشتیوانێكی بەهێز بۆ وڵاتانی بەرژەوەندخواز لە بواری بازرگانیی دەریایی و سەنعەتی و بازاڕی مەسەرفدا.

لە تەوەری ئەم باسە  بۆ بەشی ئاسیایی، لە وتاری پێشوودا " لە شاراوەكانی سەدەی رابوردوو لە سەر تیۆری هارتلەند و ریملەند" بڕێكمان شیكردەوە.

1- تیۆریی هارتلەند لە لایەن سێرهاڵفۆرد مەكیندر.

2- تیۆریی هێزی دەریایی لەلایەن ئالفرێد تایرماهان.

3- تیۆریی ریملەند لەلایەن نیكۆلاس ئیسپایكمەن.

4- تیۆریی پێكهاتەی ژیۆپۆلیتیكی جیهان لەلایەن سئول بی كوهن.

5- تیۆریی هیلالی هیلكەیی لەلایەن جێفری كەمپ.

بەشێك لە رووداوەكانی سەردەمی شەڕی سارد و چەكی ئەتۆمی  هیدرۆژێنی و بالستیك كروز، ساڵت، فسفوری، كیمیایی، خوشەیی، ناپاڵم  كولاهەكی ئەتومی...

لەناو شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان ئەمریكا و ژاپون و روسیەدا، ئەمریكا ویستی كە شەڕەكە بە قازانجی خۆی تەواو بكات. لە رۆژی دوشەممە ساعەت 8 ،15 چركە، رۆژی 6ی مانگی ئوت، ساڵی 1945 یەكەم بۆمبی ئەتومی لە بلیندایی 576 ئاسمانەوە بەردرایەوە كە بەرینی كاریگەری ئەم بۆمبە زیاتر لە 1500 میتری بازنەی لەخۆدەگرت. ناوی ئەم بومبە ( كورەكەLittle Boy ) بوو كە بومب هاوێژێك بە ناوی (ئانولا گی Enola Gay) ختیبە خوارەوە. دوای 2 رۆژ كە بە فەرمانی هیری ترومەن قەراربوو لە شاری كوكورا بیخەنەخواری بەڵام بە هۆی نالەباریی كەشوهەوا و هێزی بەرگریی ژاپۆن  نەیانتوانی لەوێ كە شوێنی چەك و تەقەمەنیی بوو بەڵام بە سەر شاری ناكازاكی بەریان داوە. كاریگەریی ئەم 2 بۆمبە كە خەڵكی سڤیل بەئانج گیرابوو زیاتر لە 220000 كەس بوونە قوربانیی. ئەم شەڕە لە چركەساتێكدا و تەنانەت ئاسەواری بەجێماوی رادیۆئەكتیو ئێستاش كاریگەریی لە زەوی و زار و ژینگەدا ماوە.







ناكازاكی          هیروشیما          هیری ترومن سەروكوماری ئەمریكا

1 ، لە ساڵی 1945، پاش كۆتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی، هەرچەند ئەمریكا و سۆڤیەت لە بەرەیەكی شەڕ دابوون بوون، بەڵام سەبارەت بە دەستكەوتەكانیان لەسەر بڕیارنامەی یالتا، ئەمریكا و سۆڤیەت سەبارەت بە ئاڵمانیا كۆبونەوە.

2 ، لە ساڵی1945 داگیركرانی ئازەربایجانی رۆژهەڵات و ئازەربایجانی رۆژئاوا لە ئێران بەدەستی هێزەكانی دەوڵەتی سۆڤیەت و دروستكردنی  كۆماری فرقەی ئازەربایجان لە تەورێز و

پاشان راگەیاندنی کۆماری کوردستان لەلایەن پێشەوا قازی موحەمەد لە ساڵی 1946 کە تەمەنی ئەم کۆمارە تەنیا 11 مانگ بوو، بەڵام کاردانەوەی سیاسیی رۆژهەڵاتی ناڤینی برێک راچڵەکاند.
3 ، لە ساڵی 1946 سەرۆک وەزیری بریتانیا فالتون لە پەیامێکدا لە ئەیالەتی میسوری لە شاری چرچیل رایگەیاند کە کومونیستەکان پەردەیەکی پۆلایینیان بەسەر سنوورەکانی ئورووپادا کێشاوە.
4 ، لەساڵی 1947 هەری ترومەن سەرۆک کۆماری ئەمریکا کوتی کە دەبێ ئەمریکا رێگربێت لە پەرەسەندنی کومونیزم.
5 ، لە ساڵی 1948 ئەمریکا و ئوروپا بەهۆی پردێکی هەوایی خواردەمەنی و سووتەمەنییان دابیندەکرد. کاتێ کە سوپای سۆڤیەت بێرلینی رۆژئاوای ئاڵمانیان گەمارۆ دابوو.
6 ، 10 دسامبری ساڵی 1948 رێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان جاڕنامەی گردونیی مافی مرۆڤ راگەیاند.
7 ، لەساڵی 1949 پەیمانی ئاتلانتیکی باکووری (ناتۆ) پێکدیت، لە هەمان ساڵدا دەوڵەتی سۆڤیەت یەکەم بۆمبی ئەتۆمیی تاقی دەکاتەوە، هاوکات دەوڵەتی چین دەوڵەتی کومونیستی بە سەرکردایەتیی مائوتسە دوەن رادەگەیەنێت.
8 ، لە ساڵی 1950 شەڕی کۆریا لەسەردەمی جۆزێف مەک کارتی ئاشکرا دەبێت و نفوزی کومونیستەکانیش لەو ناوچەیە پەرەدەستێنێ.
9 ، لەساڵی 1952 ئەمریکا بۆمبی هیدرۆژێنی تاقی دەکاتەوە.
10 ، لەساڵی 1953 ژوزێف ئیستالین دەمرێت و لە هەمان ساڵدا کوتایی بە شەڕی کۆریا دێت.
11 ، لە ساڵی 1955 پەیمانی وەرشۆ بە هاوپەیمانانی وڵاتانی کومونیستی پێک دێت.
12 ، لەساڵی 1956 لەسەردەمی خۆرشچێف ئەرتەشی سۆڤیەت شۆڕشی نیکیتا لەمەجارستان سەرکوت دەکەن و لە ئانیکات نهێنیەکانی جینایەتی سەردەمی ئیستالین ئاشکرا دەکرێت.
13 ، لە ساڵی 1960 جان ئف کندی دەبێتە سەرۆککۆماری ئەمریکا و لە هەمان ساڵدا فرۆکەی سیخوریی ئەمریکا ( ئیو 2 ) لە سەر ئاسمانی سۆڤیەت دەیخرێتە خوارێ.
14 ، لە ساڵی 1961 هێرشی کوبا لە کەنداوی (بەرازە دەریاییەکان) شکست دەخوات و لە هەمان ساڵدا بێرلین بە دیوار دەکرێت بە دوو بەشەوە.
15 ، لە ساڵی 1962 لە نێوان ئەمریکا و دەوڵەتی سۆڤیەت بە پێی بەڵێنامە بریاری راگرتنی تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لەبۆشایی ئاسمان دەردەکەن، لە هەمان ساڵدا دەوڵەتی چین بۆمبێکی ئەتۆمی تاقی دەکاتەوە. هاوکات جان ئیف کندی تیرۆر دەکرێت.
16 ، لە ساڵی 1964 خوریشچیف لەسەر پۆستی سەرۆکایەتیی لادەبرێت.
17 ، لە ساڵی 1965 هێزەکانی ئەمریکا دەچنە ناو خاکی ویێەتنامەوە.
18 ، لە ساڵی 1968 دەوڵەتی چێک ئۆسلۆڤالی لە ژێر ناوی بەهاری پراگ هەوڵ دەدا لە دەوڵەتی کومونیزم رزگاریان بێت و لە هەمانکات چێک ئۆسلۆڤاکی دەکەوێتە بە پەلاماری هێزی هاوپەیمانی نیزامی وەرشۆ.
19 ، لەساڵی 1971 ریچارد نیکسون سەرۆک کۆماری ئەمریکا لەگەڵ دەوڵەتی کومونیستی چین لە پەکین و سەرۆکی ئەو وڵاتە کۆدەبنەوە.
20 ، لە ساڵی 1972 بریارنامەی نیزامی ئەمریکا و سۆڤیەت بۆ سنووردارکردنی چەکی ئیستراتیژیکی (لەژێر ناوی پەیمانی ساڵت) پێکدێن و ویەتنام دەکرێت بە 2 بەش و هێزی نیزامی ئەمریکا پاشەکشە دەکات لە ویەتنام.
21 ، لە ساڵی 1975 کومونیستەکان لە ویەتنام، کامبۆج و لائۆس دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت.

22 ، لەساڵی 1979 هێزی نیزامی سۆڤیەت ئەفغانستانی داگیرکرد لەبەر ئەوەی کە هێزی کومونیست لە ئاستێکی لاواز دابوو، بەم داگیرکاریە دەیویست پەردەپۆشیی لە دارمانی بیروڕای دەسەڵاتی کومونیستی بکات. هەڵبەت دەتوانین بڵێین کە دەسەڵاتی پاشایەتیی زاهیرشا رووخا و دەسەڵاتی عەشایری هاتە مەیدانەوە و لەپاشان دەسەڵاتی ئیسلامیەکان بەپشتیوانیی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا هاتە سەر دەسەڵات.

23 ، لە ساڵی 1979 لە بەرامبەر دەسەڵاتی دەستنیشانکراوی رەزا پەهلەوی، محەمەدرەزای کوڕی لە لایەن بریتانیاوە و ناڕەزایەتی جەماوەریی لە سەرانسەری ئێران بوو بەهۆی گۆڕینی رژیمی پاشایەتی و بە فریودانی خەڵکی ئێران لەسەر هەڵبژاردن تەنیا لە 2 وەڵامدا "ئەرێ یان نا" لە ژێر ناوی ئەوەی کە دەنگدەریان ناچارکرد، چونکە 95% موسوڵمانن بڵێن ئەرێ و بەم شێوەیە دەسەڵاتی ئایینی بە ناوی کۆماری ئیسلامی هاتە گورەپانی دەسەڵاتەوە.

24 ، لە ساڵی 1980 بە سەرۆکایەتی لیخ والسا وەکو بزووتنەوی هاوبەشی گەل لە لەهستان لە بەرامبەر کومونیستەکاندا لە کێبەرکێ دابوون.

25 ، لە ساڵی 1983 دانانی چەکی ناوکی وەکو (موشەکی کروز) لە ناو وڵاتانی ئوروپادا قۆناخێکی نوێ لە ئاست ئەم ململانێیە دێتە ئاراوە.

26 ، لە ساڵی 1985 میخائیل گۆرباچۆف دەبێتە سەرۆک کۆماری سۆڤیەت. سیاسەتە نەرمونیانەکانی ئەو دەبێتە هۆی کۆتایی هاتنی شەڕی سارد.

لە کاتێکدا ئەمریکا و سۆڤیەت لە شەڕی جیهانیدا لە بەرەیەک دابوون، بەڵام لە چوارچێوەی سیاسی و ئابووریی هەرچەند کە دەسەڵاتی سۆڤیەت لەژێر فەرمانی ژوزێف ئیستالین دەسەڵاتی سەرکەردایەتی بەڕێوەدەچوو و لە ئانیکات بە ملیونان هاوڵاتیی بە زۆرەملی لە ئۆردوگاکان دژوارترین ژیانیان هەبوو و تەنانەت زیندانیەکانیش لەوپەڕی نالەبارییدا ژیان و بیرەحمانە کاریان لێدەکێشان، هەتا وایلێهات سۆڤیەت بەراستی بوو بە دەسەڵاتێکی مەترسیدار لە بەرامبەر وڵاتانی رۆژئاوا.




لەسەردەمی شەڕی ساردا هەر دوو دەسەڵاتی ئەمریکا و سۆڤیەت لە هەموو شێوازەکانی جاسوسیی لە بەرامبەر یەکتردا لە کێبەرکێ دابوون، وەکو دوربینی شاراوە، ئامێری تۆمارکردنی دەنگ.

ئەمە نمونەیەکی ئەو سەردەمی شەڕی ساردە، جانتای جاسوسی.

لە دەستکەوتەکانی سۆڤیەت دەتوانین بڵێین لەناو دڵی ئوروپادا توانی پێگەی دەسەڵاتی خۆی لە ژێر ناوی دەوڵەتانی کومونیستی پەرە پێبدات وەکو وڵاتانی بولغارستان، رۆمانی، چیکوسلوڤاکی و لەهستان کە ئەم وڵاتانە هەمیشە لە ژێر چاودێریی پۆلیسی شاراوەی ( ک گ ب ) دابوون. لە بەشێکی دیکە دەوڵەتی ئاڵمانیان کردە 2 بەش، بەشێکی وەبەر سۆڤیەت کەوت.

بەپێی ئەم نەخشەیە کە بە دیواری پۆلایینی روسیە ناودەبرێت، سەرەڕای وڵاتانی ئوروپای بلوکی شەرق لەوڵاتانی وەکو ئاڵبانی و یوگسلاڤی و تەنانەت چینی کومونیست ویەتنامی باکور و کوریای باکور... دەتوانین بە دەسکەوتەکانی روسیەیان دابنێین.




ململانێکانی شەڕی سارد لەساڵی 1940 هەتا ساڵی 1990 لەوپەڕی خۆیدابوو و لە نێوان ئەمریکا و

سۆڤیەتدا لە هەموو بوارەکان وەبەرچاو دەکەوت. ناکۆکیەکان تەنانەت لە بواری نیزامی، ئیدیۆلۆژی، دەروونناسی، سیخوڕیی، وەرزش، چەکوچۆڵ و کەرەستەی نیزامی، لە بواری سەنعەت و پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیی. دەتوانین بڵێین کە لەم ململانێ و کێبەرکێی ئاسمانییەدا خەرجێکی زۆر بۆ هێزی بەرگری و کێبەرکێی چەکی ناوکی و چەند شەڕێکی نەخوازراو لەناو وڵاتانی ژێر دەسەڵات بۆ ئەم وڵاتە زلهێزانە گران تەواو بوو. هەرچەند لەم ململانێیەدا لەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەت راستەوخۆ شەڕ روویندا، بەڵام لەناو وڵاتانی ژێر دەسەڵات بوو بە بەشێک لە شەڕی سارد.

هەرچەند کە ئەمریکا و سۆڤیەت لەبەرامبەر دەسەڵاتی نازیدا یەک هەڵوێست بوون بەڵام لە ئانیکات بۆ داڕشتنەوەی شێوازی بەڕێوەبەرایەتی جیهان ناکۆک بوون و هەر کام دەیانویست زیاتر خۆیان داسەپینن بەسەر دونیادا.

لەدوای شەڕی دوهەمی جیهانیدا، ئەمریکا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدابووە کە دەسەڵاتی کومونیست لە دونیادا کەم کاتەوە، بەتایبەت لە ئوروپای رۆژئاوا یان لە رۆژهەڵاتی ناڤین یان لە باشووری رۆژهەڵاتی ناڤین وەکو پشتێندەیەک لە بەرامبەر سۆڤیەت.



دەتوانین بڵێین کە گرینگترینی ئەم ململانێیە یەکەم دابەشکردنی ئاڵمان و دانانی دیواری بێرلین، دووهەم شەڕی کوریا، سێهەم ترس و دڵەراوکێی قەڵغانی موشەکیی و شەڕی کوبا، چوارەم داگیرکاری ئەفغانستان و شەڕی ئەفغانستان کە ببوونە هۆکار بۆ هەڵگیرسانی شەڕێکی دیکە لە جیهاندا و بەکارهێنانی چەکی ناوکی ببووە هۆی ترس و دڵەراوکێ لە جیهاندا.

لە سێپتامبری 1979 بەدەسەڵات گەیشتنی ئەفغانستان و لەماوەی داگیرکاری سۆڤیەت لە ساڵەکانی 1970دا لە ئەفغانستان کێشەکان ئاڵۆز بوو. لەسەردەمی میخاییل گۆرباچۆفدا لە ساڵەکانی 1985 پێوەندی نێوان زلهێزان بەرەو باشیی چوو.

لە ساڵی 1980 لە پشتیوانی تازە پێگەیشتوی سۆڤیەت کاردانەوەی وای لێکەوتەوە کە زۆربەی وڵاتانی رۆژئاوا یاریەکانی ئۆلۆمپیکیان تەحریم کرد و داگیرکاریی ئەفغانستان کاردانەوەی لەسەر خەباتکارانی موجاهید دانا و رووبەرووی سۆڤیەت بوونەوە. هەڵبەت بەپشتیوانیی ئەمریکا وەکو پشتێندەی سەوز کە نزیک بە 300 ملیاردی سەرمایەگوزاریی بۆ کرد، بەهەموو کەرەستەی نیزامی و مادیەوە.

لەساڵی 1979 لایەکی دیکەوە بە دامەزراندنی قەڵغانی موشەکی( ئس ئس 20 ) لە هۆڵەند و دانانی 500 موشەکی کروز لە ئاڵمانی رۆژئاوا کاردانەوی لە وڵاتانی رۆژئاوا دەربڕینی نارەزایەتیی جەماوەری بەدواوەبوو بەڵام دانوستانەکان بێئاکام مانەوە.

تەنانەت بەشێک لە لیبرالەکانی کۆماریخواز لە سەردەمی نیکسۆن و جیمی کارتێر کە لەبەرامبەر روسیەدا هەڵوێستیان گرت و پشتیوانی سیناتۆری شەڕخوازیی بەناوی (هێنری ئیسکۆب جەکسون) دەکرد و زەختیان لە کارتر دەکرد لە بەرامبەر بە سۆڤیەت هەڵوێست بگرێت.

لە کۆتایی شەڕی سارد لە سەردەمی گۆرباچۆف لەساڵی 1985 و دەتوانین بڵێین سەرەتای دارمانی سیاسەتی کۆمونیزم هەتاساڵی 1991 بە یەکجاری بوو.

لە رواوە گرینگەکانی دوای شەڕی سارد دەتوانین ئاماژە بە چەند شت بکەین 1 ،کاردانەوی روداوی چرنوبل لە ساڵی 1986 سۆڤیەت 2 ، دارمانی دیواری برلین ساڵی 1989 لە ئالمان 3 ، بەکار هینانی سیاسەتی گلاسنوست وپرسترویکا 4 ، نارزایەتی گشتی هیرشی سۆڤیەت بو ئەفغانستان 5 ، هەزینە ئابوری روداوی چرنوبل لە سۆڤیەت

لە ساڵی 1985 لە دەوری دوهەمی سەروکوماری ئەمریکا رونالد ریگان لە ژنیوو ساڵی 1986 لە گەل گورباچوف دانیشتن کرا و بو بەهوی سەرسورمانی گشتی
دەتوانین بلین کە هەزینەی تەسلیحاتی شەڕ لە سەردەمی شەڕی سارد لە لایەک و پەرەسەندنی داخوازیی کومەڵێک هاریکاریی دەرەکی و نیزامی لە لایەن هاوپەیمانانی سوسیالیستەکان لەلایەک و هەوڵدانی باری ئابووری گوشاری خستبووە سەر گۆرباچۆف و پێگەی بەرەو لاوازیی بردبوو.



لەساڵی 1989 وڵاتە کومونیستەکان یەک لەدوای یەک رووخان و گۆڕانکاریی بنەرەتیی لە وڵاتانی بولغارستان، مەجارستان و لهستان و سەربەخۆیی خۆیان بەدەستهێنا. رێپێوانی جەماوەریی لە ئاڵمانی رۆژئاوا و چیکۆسلۆڤاکی بوو بەهۆی رووخانی کومونیستەکان و راپەرینی جەماوەریی بوو بەهۆکاری دەسەڵاتی رۆمانی و لە هەمان ساڵدا دیواری بێرلین روخێندرا و چائوشیسکو لە هەمان ساڵ ئیعدام کرا، واتە لە 25 دیسامبری 1989.
رووخانی دەوڵەتی سۆڤیەت بوو بەهۆی کەمبوونەوەی شەڕی وڵاتان و بوو بە هۆکاری ئەوەی کە رێژەی پەنابەران بەرەو وڵاتانی رۆژئاوا زۆر زیاد بکات.

لێرەدا دەمانەوێت لەرونگەی ململانێی چەک و چۆڵ لە نێوان ئەمریکا و سۆڤیەت بڕێک زیاتر وردبینەوە کە کارەساتەکانی شەڕی سارد چ کاردانەویەکی هەبووە لە ئاست دونیا و رۆژهەڵاتی ناڤیندا. هەر چەند کە کومونیزم لە بەرامبەر فاشیزم خۆی لەبەرەی موتەفقین و ئیمپریالیزم و لیبرالیزمدا یەکیان گرتبوو بەڵام لەپاش کوتاییهاتنی شەڕی دووهەمی جیهانی لەسەر چۆنیەتی دەسەڵات کەوتنە بەری بەرامبەر بەیەک و لە پێناو مەسلەحەتی سیاسی لە ململانێ دابوون. نمونەی هەرە بەرچاو لە ساڵی 1945 کاتێ کە روسیە تەواویەتی خاکی ئازەربایجانی ئێرانی داگیر کرد نەیدەویست بڕواتەدەرێ. هەروەها ناکۆکی لەسەر بەڕێوەبەرایەتی ئاڵمانی شکست خواردو و شەڕی ناوخۆیی یۆنان و گوشاری سۆڤیەت لەسەر یونان و کێشەی تەنگەی داردانێل و بسفور ئەم خاڵانە بوون بەهۆی هەرچی زیاتری ناکۆکی لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی رۆژئاوا لە بەرەیەک و سۆڤیەت و وڵاتانی کومونیزم لەلایەک کە تەنانەت کار بە جێگایەک گەیشت کە هەتا نزیکبوونەوە لە بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی لە کوبا. کاتێ کە سۆڤیەت بە سەرکردایەتی ئیستالین خاکی ئازەربایجانی داگیرکرد، شای ئێران لە رێکخراوەی نەتەوەیەکگرتوەکان سکالای دژی سۆڤیەت کرد کە دەتوانین



بڵێین یەکەم بەرەنگاربوونەوەی وڵاتانی رۆژئاوا لە بەرامبەر سۆڤیەت بوو و بە لێهاتویی قەوامولسەلتەنە و پشتیوانی ترومەن سۆڤیەت مەجبور بە پاشەکشێ بوو لە ئێران. هەڵبەت دەتوانین بڵێین هۆی سەرەکیی ئەم گوشارانەی ئەمریکا و وڵاتانی روژئاوا لەسەر کۆماری تازە راگەیاندراوی کۆماری کوردستان بوو وەکو ساتوسەودایەک. لە ساڵی 1957 خۆرشچۆف رایگەیاند کە سۆڤیەت توانیویەتی دەستی بە موشەک گەلێک رابگا کە هەڵگری کلاوکی ئەتۆمیە و هەزاران کیلومتر مەودا دەپێوێ.
لە ئوکتۆبری هەمان ساڵ سۆڤیەت رایگەیاند کە مانگی دەستکردی لە بۆشایی ئاسمان دامەزراندووە بە ناوی (ئاسپوت نیک) و ئەمریکای تووشی سەرسوڕمان کرد. لە بەرامبەر

کاردانەوەی سۆڤیەت ئەمریکا قەڵغانی موشەکی بە ناوی (تورو ژوپیتر) لە وڵاتانی ئیتالیا، تورکیە، ئینگلستان لەسەر پێشنیاری ژینراڵ نورستاد بە ناوی ( 70 mc م س 70 ) دامەزراند.

لە ساڵی 1962 گەورەترین قەیرانی ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕی ئەتۆمی لە کوبا هاتەئاراوە. هەر لەم روانگەوە دەتوانین بڵێین دونیای هەژاند. لە مانگی ئوکتوبر ئەو ساڵەدا فرۆکەی (یوو 2 ) ئەمریکا رایگەیاند کە لەناو وڵاتی کوبا سەکۆی موشەکی ئەتۆمیی دوورهاوێژ دامەزراوە، هەروەها جان ئیف کێنێدی خەبەری پێگەیشت کە کەشتیەکانی هەڵگری موشەک و بۆمبهاوێژی ئالیوشین بەروو کوبا لەڕێدان. ئەمە بوو بەهۆی ئەوەی کە کێنێدی هۆشداریی توندیدا بە سۆڤیەت کە لە بڕیاری خۆیان پاشگەست ببنەوە لە ناردنی چەکی ئەتۆمی بۆ کوبا. ئەم هەڵوێستە توندەی ئەمریکا بوو بەهۆی ئەوەی کە سۆڤیەت لە ناردنی موشەک و بۆمبهاوێژ پاشەکشێ بکات. دوای مانۆرێک لە 28 مانگی ئوکتوبردا خۆرشچف پەیامی نارد بۆ کەشتیەکان پاشەکشێ بکەن و ئاراستەی خۆیان بگۆڕن. بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین کە مەزنترین قەیرانی شەڕ دامرکایەوە.



لە ساڵی 1963 بەڵێننامەی نێوان مسکۆ و واشینگتۆن لە گەڵ ئینگلستان لە سۆڤیەت بە ناوی بەڵێننامەی مسکۆ ئیمزاکرا. لەپاشان بە بەشداریی 99 وڵات ئەم بەڵێنامەیەیان واژۆکرد کە تاقیکردنەوەی چەکی ئەتۆمی لەسەر زەوی یان دەریا یان لە بۆشایی ئاسمان قەدەغە کرا.

لە ساڵی 1966 لیندون جانسۆن پێشنیاری بە سۆڤیەت کرد دانوستاندن بکرێت لەسەر کەمکردنەوی رکەبەریی چەکوچۆڵی نیزامی و ئەتۆمی و چەکی ئیستراتیژیک. سۆڤیەت ئەم بڕیارەی پەسەند کرد. لە ساڵی 1969 نیکسۆن و کیسینجەر کەوتنە دانوستاندن لەگەڵ سۆڤیەت، لە ئاکامدا لە ساڵی 1972 لە مانگی مەی لە مسکۆ واژۆ کرا. بەگشتی کە بە بەڵێنامەی ساڵتیی یەک ناوبرا کە بەم شێوەیە کۆتایی پێهات و بڕیاردرا ئەمریکا بە گشتی 1054 موشەکی بالستیک قارەیی و 710 موشەکی بالستیکی ژێردەریایی و 44 دانە کەشتیی ژێردەریایی کۆ بکاتەوە بەڵام لە هەمانکاتدا سۆڤیەت بڕیاریدا کە 1618 موشەکی بالستیکی قارەیی و 950 موشەکی ژێر دەریایی و 44 دانە کەشتیی ژێردەریایی کۆبکاتەوە. هەروەکو دیارە ئەم بەڵێننامەیە بە قازانجی سۆڤیەت نەبوو بەهۆی ئەویکە لەوکاتە ئەمریکا خاوەنی موشەکی هەڵگری چەند کلاوکی ئەتومی کۆنترۆڵدار بوو بە ناوی (میرو mirv). یەکێک لە خاڵەکانی ئەم بەڵێننامەیە ئەوە بوو بۆ کەمکردنەوەی موشەکی دژەبالستیک لەنێوان برژێنف و نیکسۆن. وا بڕیاردرا کە لە دو پایەگەی موشەکهاوێژ خاوەنی 100 موشەکی دژە بالستیک بن.

لەدوای ئەم قەیرانە بەشەڕی ساردی 2 ناسراوە، ئەویش بڕیاری ساڵتی 2 هەتا شەڕی ئاسمانی کە بە شەڕی بۆشایی ئاسمان و شەڕی ئەستێرەکان ناسراوە.



لە ساڵی 1973 دەوڵەتی سۆڤیەت موشەکی خاوەن چەند کڵاوکی بەسەرکەوتوویی تاقی کردەوە و بو چرکەساتێ لە بەرهەمهێنانی چەکوچۆڵ خۆی نەوەستاند. سەرەتا موشەکی ss19 و پاشان لە ساڵی 1977دا موشەکی ss20 بە سەرکەوتوویی تاقی کردەوە. ئەم هەڵسوکەوتەی سۆڤیەت لە بەرامبەر وڵاتانی روژئاواییدا خۆی فەرز

کرد وەکو ئیمتیاز. لە ئانیکاتدا ململانێ و کێبەرکێ لەنێوان ئەمریکا و سۆڤیەت رۆژ لەگەڵ رۆژ لە پەرەسەندندا بوو.

لە ساڵی 1978 دا سایروس ونس چوو بۆ مسکۆ لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەت بۆ راگرتنی کێبەرکێی چەکی موشەکی. ئەگەر ئەوان واتە سۆڤیەت قبوڵی بکات ئەوە ئەمریکاش بەڵێن دەدات کە پرۆژەی فرۆکەی پێشکەوتووی b1 رابگرێت.




لە لایەکی دیکەوە هەمان ساڵ جیمی کارتێر بەڵێنی بە بێرژنێف دا ئەگەر سۆڤیەت لەدروستکردنی فروکەی bach fire دەست هەڵگرێت، ئەمریکاش بڕیار دەدات دەستهەڵگری لە بۆمبی نۆترۆنی و بێرژنێف بەشێوەی کاتیی ئەم بڕیارەی پەسەند کرد.

لەئاکامدا ئەم بڕیارە بوو بەهۆی قبوڵکردنی هەردولا و لەژێر ناوی بڕیارنامەی ساڵتی 2 لە مانگی ژوەنی ساڵی1979دا واژۆ کرا. جێی ئاماژەیە لەساڵی 1974 مانگی نوامبر پێش وتووێژی کارتێر و بێرژنێف رێگای کراوە هەبوو لە ویلایەتی ویستک لە نێوان بێرژنێف و جرالدفور.

لە ساڵی 1979 بڕیارنامەی ساڵتی 2 لەسەر 19 خاڵ پێکهات. بەتایبەت سەبارەت بە چەکی بالستیک و تیکنۆلۆژی کەئەم بڕیارنامەیە هەتا ساڵی 1985 ئیعتیباری هەبوو. بەڵام لە ئانیکات چاودێران بەگومانەوە چاویان لەم رێکەوتنە دەکرد. هێشتا ترسی شەڕی ئەتۆمیان هەبوو و ئەگەری هەڵوەشانەوەی بڕیارنامەی ساڵتی 2 یان دەکرد.

لەم بڕیارنامەیەدا جیاوازیی هەبوو لەگەڵ بڕیارنامەی ساڵتی 1. لە بڕیارنامەی ساڵتی 2 هەردوو لایەن وەکو یەک سەبارەت بە موشەکە ئیستراتیژیەکان رێککەوتن. لەم بڕیارنامەیەدا هەردوولا بڕیاریاندا کە 2250 دانە موشەک کۆبکەنەوە کە 1300 لەوانە موشەکی خاوەن چەند کڵاوکی ئەتومی و باقی موشەکەکان موشەکی زەوی بۆ زەوی بوون.



هەرچەند ئەم بڕیارنامەیەی ساڵتی 2 لە لایەن سینای ئەمریکا پەسەند نەکرا، کارتێر وەکو لایەنگر و چالاکوانی مافی مرۆڤ بو ئەوەی سینای ئەمریکا رازیی بکات و بەجۆرێک نیشانی بدا کە لە بەرامبەر سۆڤیەتدا پاشەکشێی نەکردووە، بڕیاریدا موشەکی زۆر پێشکەوتووی mx دروست بکەن کە ئەم بڕیارە سینای ئەمریکای رازی نەکرد سەبارەت بە بڕیاری ساڵتی 2 ، بگرە دەوڵەتی سۆڤیەتیشی تووڕە کرد و بوو بەهۆی ئەوەی کە سۆڤیەت کاردانەوە نیشان بدات و بڕیاری دەستپێکردنی (back fire ) و موشەکی پێشکەوتووی (ss20) زیاتر پەرەپێبدات و ئەمریکاش لەبەرامبەر سۆڤیەتدا دەستی کرد بە دامەزراندنی قەڵغانی موشەکیی پرشەنگی 2 لەناو ئوروپادا. بەم شێوەیە دەبینین کە شەڕی ساردی 2 بەخێرایی پەرەی سەند هەتا ئەوکاتەی رەیگان هاتەسەر دەسەڵات و بۆ بەرگریی ئیستراتیژیکی داوای لە سۆڤیەت کرد لە بەرامبەر هەڵگرتن و لابردنی موشەکی ss20 ئەمریکاش موشەکەکانی خۆی لە ئوروپادا کۆبکاتەوە، بەڵام ئەم رێکەوتنەی ئەمریکا و سۆڤیەت بەئاکام نەگەیشت. ئەوە بوو بەهۆی ئەوەی کە ئەمریکا پرشنگی 2 بەخیرایی 1800 کیلومتر و موشەکی کروز بەخێرای 2500 کیلومتر لە وڵاتانی ئاڵمان، بلژیک و هولند، دامەزرێنێت.

هەرچەند سۆڤیەت نەیدەتوانی بە موشەکی ss20 ئەمریکا بپێکێت کە 5000 کیلومتر دوور بوو بەڵام ئەمریکا لەناو خاکی ئوروپاوە دەیتوانی تەواوی وڵاتی سۆڤیەت بخاتە مەترسیەوە.

لە ساڵی 1983 رەیگان بە زانا و پسپۆڕ و شارەزایانی ئەمریکای راگەیاند بۆ بەرگریی لە دژەموشەکی بالستیکی سۆڤیەت دەبێ دەستبەکار بن کە ئەم



بڕیارە بە بەرگریی ئیستراتیژیک و شەڕی بۆشایی ئاسمان و شەڕی ئەستێرەکان ناوی دەرکرد. ئەمە لە شۆڕشێک دەچوو لە سەنعەتی دژەموشەکدا. ئەم بڕیارە نەک هەر ترسی خستە ناو دڵی دەوڵەتی سۆڤیەت بەڵکو وڵاتانی ئوروپاش سەرسام بوون کە ئەم پڕۆژەیە، پڕۆژەی دژەموشەکی بالستیک بە تیشکی لەیزێر بوو. کاردانەوەی ئەم بڕیارە وای کرد کە ریالیستەکانی راوێژکاری رەیگان لەبەر ئەوەیکە شیرازەی ناکۆکیەکان بەشێوەک بێنە بەرچاو کە رێگا خۆش بکەن بۆ دانوستاندنی ئەمریکا و سۆڤیەت و بوو بەهۆی 4 جار چاوپێکەوتن لەنێوان رەیگان و گۆرباچۆف. لەساڵەکانی 1985 هەتا ساڵی 1988 بڕێک سەردەمی ئالۆزییەکان کەم بوونەوە. بەرەبەرە دەسەڵاتی ئیمپراتۆریی سۆڤیەت بەرەو لاوازیی چوو. ئەم دانیشتنانە لە نێوان رەیگان و گۆرباچۆف ساڵی 1985 لە ژنێف، ساڵی 1986 لە ریکیاویک، ساڵی 1987 لە واشینگتون، ساڵی 1988 لە مسکۆ کە بڕیاری دامالینی چەکی موشەکی و ئیستراتیژیک بڕیاری واژۆکردن بدەن و بوو بە هۆکاری دەرکی ئەم دانیشتنە و ساڵی 1988 گەیشتە رادەیەک کە لەسەرقەراردادی ئیستارد، قراردادی بنچینەیی دابڕێژن و لە ئاکامدا بڕیاری سەرەکیی درا. هەر کام لە وڵاتانی ئەمریکا و سۆڤیەت 50% لە کۆی گشتیی چەکی کۆکوژیی موشەکی بالستیک و موشەکی کروز و موشەکی هەڵگری چەند کلاوکی دورهاوێژ کۆ بکەنەوە. ئەمجارە دونیا بڕێک بووژانەوەی بەخۆیەوە بینی.
هاوکات لە سەر ئەم رێککەوتنە و پەیمانی ئاشتی بڕیاردرا لەوڵاتی ئۆکراین کە دەقی ئەم رێککەوتنە لە ساڵی1984 بڕیاری لەسەر درابوو کە بەبریار نامەی مسکۆ نووسراوە و بە واژۆکردنی کلینتون و کراوچوک گەیشتبوو بڕیاردرا 176 دانە موشەکی قارە پەیما و 1500 موشەکی خاوەن کلاوکی ئەتۆمی بنێردرێتەوە بۆ سۆڤیەت لە ناویان ببەن.

* شەڕی ساردی 3
لە سێ مانگی پاش هێرشکردن بۆ 2 تاوەری سەنعەتی بازرگانی سە رلێشێواویی ئەمریکا لە بارو دوخەکە.
لە 13 سپتامبر 2001 سەرۆک کۆمار جۆرج دەبلیو بوش رایگەیاند کە ئەمریکا لە بڕیارنامەی کەمکردنەوی دژەموشەکی بالستیک لە ساڵی 1972 کە واژۆ کرابوو لەگەڵ دەوڵەتی روسیە هەڵبوەشێنێتەوە و رایگەیاند کە پێویستە ئێمە سیستمی موشەکی بەرگریی پەرەپێبدەینەوە. سەرۆککۆماری ئەمریکا داوای لە کۆنگرە کرد تا خەرجێکی بەرچاو تەرخان بکەن بۆ ئەم گرفتە ئیستراتیژیانەی کە هاتۆتەئاراوە، هەڵبەت بەشێک لە زانایان و چاودێران لەسەر ئەم بڕوایەن کە پلانی بوش هەمان رێچکەی سەردەمی رەیگان دەگرێتەبەر و بەردەوامی شەڕی بۆشایی ئاسمان واتە شەڕی ئەستێرەکان دەبێتە قەڵغانی بەرگریی موشەکی و بەرگریی.
هەر لەسەر ئەم بڕیارە سەرۆککۆمار بوش کە 40 دانە موشەکی راهیاب دژە موشەکی بالستیک لە ئالاسکا، 4 دانە موشەکی دژە بالستیک لە کالیفۆرنیا و هەروەها 10 موشەکی دژە بالستیک لە لەهستان و کۆماری چیک لەگەڵ پێشکەوتوترین راداری ماهوارەیی پێشکەوتو دامەزرێنێت.
دەتوانین بڵێین دامەزراندنی قەڵغانی موشەکی و رەدیاب لە وڵاتانێک کە لەپێشدا وەکو حەوشە خەڵوەتی سۆڤیەت دەهاتنە حیساب بەگشتی سۆڤیەتی توورە کردبوو و لە ئاکامدا روسیە هەستا بەتاقی کردنەوی موشەکی (Icbm) لە کۆتایی ساڵی 2005 و پوتین پێش کۆبوونەوەی نێودەوڵەتی گرووپی هەشت رایگەیاند کە لە توانایدایە بەم موشەکانە وڵاتانی ئوروپایی بپێکێت.
هەڵبەت بڕیارە ئەم موشەکانە لە ساڵی 2011 هەتا ساڵی 2013 لەناو وڵاتانی( ئوروپای شەقی) و ئوروپای باشور دامەزرێنێت و ئەمریکا ئەم هەڕەشە موشەکیەی لە وڵاتانی وەکو کۆریای باکور و ئێران سەبارەت بە هاوپەیمانی واتە ئوروپا و ئیسرائیل و تەنانەت وڵاتانی ناوچەی

کەنداو هێزی نیزامی ئەمریکا و ئوروپاییەکان بەمەبەستی جێگیربوونی خۆی دەزانێت و تووڕەیی سۆڤیەت لەم بارەیەوە بە نەگونجاو دەبینێت سەبارەت بە هەبونی 10 پایەگای دامەزراوەی موشەکی راداری لە وڵاتی لەهستان کە تەنیا وەکو هێزی بەرگریی ماوەتەوە لە بەرامبەر موشەکە پێشکەوتووەکانی سۆڤیەت.
ئەمریکاییەکان هاتونەتە سەر ئەم باوەڕە کە ئێران هەتا ساڵی 2010 توانیویەتی چەند موشەکێک بەرهەم بهێنێت کە دەتوانێ باکوری ئەفریقا و باشوری ئاسیا و بەشێک لە وڵاتانی باشووری ئوروپا بخاتە مەترسیەوە. تەنانەت هاتوونەتە سەر ئەم باوەڕ کە تا ساڵی 2015 ئێران ئاستی چەکی موشەکی و نیزامیی دەگاتە رادەیەک کە بتوانێت ئەمریکاش بپێکێت. لەسەر ئەم دامەزراندنی قەڵغانی موشەکی راداری لەناو وڵاتانی رۆژئاوا پاساوێکە بو سۆڤیەت بە مەبەستی بەرگریە نە بەرامبەر بە سۆڤیەت. هەر لە بوارەدا رەخنە دەگیرێت لە ئەمریکایەکان و بە بەهانەهینانەوەیەک چاوی لێدەکەن. دەڵێن ئەم بیانوانە کە ئەمریکایەکان دژی ئێران و کۆریای باکور تەنیا روکەشیکە بۆ داپۆشینی قەڵغانی موشەکی بەشێوەی شاراوە و نهێنی سەبارەت بە داهاتوو، تەنانەت بەشێک لە شارەزایان ئەم کردەوەیەی ئەمریکا بە شێوەیەکی دیکە لێکدەدەنەوەو لە سەر ئەم بڕوایەن کە ئەمریکا مەبەستێکی تایبەتی هەیە کە دەیەوێت وڵاتی چین بخاتە ناو ئەم گەمەی کێبەرکێی چەکوچۆڵەوە. لەبەر ئەوەی بڕێک بتوانێت پێشی ئاستی



بەرزبوونەوەی ئابووریی وڵاتی چین بگرێت. بە بڕوای والرشتاین ئەم پرۆژەیەی ئەمریکا بەردەوامی پرۆژەی ئوروپای پێشووە کە دونالد رامسفلد لەپێناو بەرژەوەندیی ئوروپای باکورە بۆ هەنگاونان بەرەو دامەزراندنی دیموکراسی لە بەرامبەر ئوروپای رۆژئاوا، بەڵام بەشێک لەم بڕوایەدان لەبەرامبەر یاخیگەریی سۆڤیەتە کە لە رکەبەریی بەردەوامدایە. بەهەرحاڵ زۆرکەم لەسەر ئەم بڕوایەن کە ئەمریکا پاساوی بۆ دێنێتەوە کە بەرامبەر بە ئێران و کۆریای باکوور ئامانجەکانی ئەمریکا هەرچی بێت ئاشکرا دەبێت، هەرچەند لەهەر بوارێکدا خۆی لێدەدات و ئامانجگەلێکی بەدوادا هەیە.
هەرچەند نکۆڵی لێناکرێ ئەمریکا ئەمڕۆ تاکە هێزە لەئاست دونیا لە هەموو بوارەکانی رامیاری ئابوری و نیزامی و خاوەن دەسەڵاتێکی زلهێزی دونیایە کە لەبەرامبەر سیاسەتی نێودەوڵەتی خۆی بە ئەرکدار دەبینێت.
بەشێک لە خاڵە شاراوەکانی کە بەشەڕی نوێی ساردی 3 دەناسرێت لە رۆژهەڵاتی ناڤین. ئەم شەڕە ساردە لە رۆژهەڵاتی ناڤین دەسپێکێکە بەپشتیوانیی وڵاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا لە ناوچەکەدا هاتۆتە ئاراوە. هەڵبەت لەدوای رووخانی سۆڤیەت و هێرشکردنە سەر ئەفغانستان و هێرشکردنە سەر ئێراق و پەرەپێدانی سیاسەتی زلهێزان لەم ناوچەیەدا.
لە کۆبوونەوەی تایبەت بە سەرۆک وەزیران لە لوکزامبورگ (فرانک اشتاینمایر) سەرنجدان بە رۆژهەڵاتی ناڤین و ناوچەیەکی ژیۆپۆلیتیکی وەکو رۆژهەڵاتی ناڤین دەبێ زیاتر بایەخی پێ بدرێت.
هەرچەند کە رۆژهەڵاتی ناڤین لە روانگەی وڵاتانی ئوروپایی لە چوارچێوەی جوگرافیایەوە وەکو خاڵێکی کوێر دێتە بەرچاو. ئەمریکا سەبارەت بە رۆژهەڵاتی ناڤین داوا لە وڵاتانی ئوروپایی دەکات بە چاوێکی پڕبایەخەوە بڕواننە رۆژهەڵاتی ناڤین، وزیری کاروباری دەرەوەی ئاڵمان دەڵێت،






کاردانەوەی وڵاتانی ئوروپایی سەبارەت بە ڕۆژهەڵاتی ناڤین تەنیا لەبەر نەوت و گاز نیە، پێوەندیە ئابووریەکان لە بواری نەوت و گاز تەنیا یەکێک لە چەند دەستەواژەن، ئێمە هەروەها زۆر بە پەرۆشەوە نیگەرانی سەقامگیریی سیاسی، ئابووریی ڕۆژهەڵاتی ناڤینین.  سەبارەت بە وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان (تورکیە و ئێراق و سوریا ) کە دراوسێی ڕۆژهەڵاتی وڵاتانی ئوروپایین دەتوانن جێگەی مەترسیی بن بۆ داهاتوو.
هەوڵدانی سیاسەتی سنووری ئانگلو، ئەمریکا سەبارەت بە ئوروپایەکی یەکپارچە و یەکگرتوو لەناو جەرگەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین چالاکی بەرچاو لەخۆیان نیشان بدەن چونکە ڕۆژهەڵاتی ناڤین سنوری ژیۆپۆلیتیک و خاوەن جوگرافیا وئیستراتیژیکی تایبەتە. تورکیە و پاکستان خاوەن پێگەی تایبەتن لەناو هاوپەیمانێتی ناتودا.
سەقامگیریی بەرپرسی باڵای ناوندی ئەمریکا دەریاسالار فالون لە عیشقاباد دوای چاوپێکەوتنی لە ئیسلام ئاباد خۆی نمونە و بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگرە لە پاکستان لە روانگەی سنوری ئیستراتیژیکی ناوچەکە و تورکیە کە هاوسنوریان هەیە لەگەڵ ئێران دەتوانێت سنوری ئیستراتیژێکی ئانگلو بۆ ئەمریکایە، ئەمەش تەنانەت ژنڕال زیائولحەق بەباشی لێی ئاگاداربوو.


موشەکی بالستیک لە راستیدا ماشینێکە خاوەنی ئاڵوگۆڕی سیستمی وزە خاوەن دۆزینەوەی شوێن و پێگەی تایبەتە و خاوەنی هەڵگری سندوقی تایبەت بە کەرەستەی تەقینەوەیە، لە بنەڕەتدا دژی ئامانجەکانی زەمینیی شوێنەدیارە تایبەتیەکان بەکار دەهێندرێت. موشەکی بالستیک چەندین جۆری جیاوازیی هەیە و دەستەچینە دەکرێن. جۆرێک موشەکی بالستیک هەیە کە لەژێر دەریاوە دەهاوێژرێن ئیستلاحیک هەیە بۆ موشەکی بالستیک بەپێشڕەو ناودەبردرێت و پێناسەی جۆری برەوی موشەکی بالستیک sblm . هەروەها تا چ رادەیەک توانایی هەڵگری بارە و تواناى رووخانی زیاتری ناوچەکەی هەبێت.
موشەکی بالستیک بەو موشەکانە دەڵێن کە دەگاتە بۆشایی ئاسمانەوە. ( کە لەم بەشەیدا بە ماتۆری تایبەت بەرز دەبێتەوە) و پاشان لە وزەی مگناتیسی زەوی سود وەردەگرێت. هەڵبەت بەسیستمی کونترۆڵدار بەرەو ئامانجەکەی دەڕوات.

بەشێک لەموشەکی بالستیک هێندە بەرز دەبنەوە کە لە جەوی زەوی تێدەپەڕێت. پاشان بە سیتمی ماتۆر و کۆنترۆڵدار دەگەڕێتەوە بەرەو ئامانجی تایبەت. موشەکی بالستیک بە 5 بەش دابەش دەبن:
1 ، موشەکی بالیستیکی شەڕ کە برەوی کورتە لەنێوان 1 کیلومتر هەتا 150 کیلومتر.
2 ، موشەکی بالستیکی برەوی کەم کە 150 کیلومتر هەتا 800 کیلومتر برەوی هەیە.
3 ، موشەکی بالستیکی مامناوەندی کە 800 کیلومتر هەتا 2400 کیلومتر برەوی هەیە.
4 ، موشەکی بالستیکی دورهاوێژ کە 2400 کیلومتر هەتا 5500 کیلومتر برەوی هەیە.
5 ، موشەکی بالستیکی قارەپەیما کە 5500 کیلومتر بو سەرەوە بە سیستمی کونترۆڵداری پێشکەوتوو.

نوسینی: عومەر عینایەتی
سەرچاوە: امپریالیسم در عرصە جهان.
نبرد ستارگان
ئیستعمار نو
هەروەها تۆڕی ئینتێرنێت و ویکیپدیا.